# عێراق و دراوسێیەکانی؛ لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە عێراق دەتوانێت چ بکات؟

13-06-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە** : داتای هەناردکردن و هاوردەی عێراق لە دەروازە سنوورییەکانیەوە

## بەرایی

عێراقی فیدراڵ سنووری هاوبەشی وشکانی لەگەڵ شەش دەوڵەتدا هەیە کە یەکێکیان تەنیا لە رێگەی خاکی هەرێمی کوردستانەوەیە. لە دوو دەیەی رابردوودا، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان عێراق و ئەو دەوڵەتانە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی "هاوردەکردن ـ هەناردەکردن"ی کاڵاکان گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک کە عێراق تەنیا بووەتە هاوردەکاری کاڵا و ماددە سەرەتاییەکان لەو وڵاتانەوە! قەبارەی بازرگانیی عێراق و دراوسێیەکانی (بەبێ سووریا) لە 2020دا بەشێوەیەکە هاوردە دوو هێندەی هەناردە زیاد بووە! و بە بەهای نزیکەی 20 ملیار دۆلار کاڵا هاوردەکراوە، لەکاتێکدا تەنیا بە بەهای 9 ملیار دۆلار کاڵای هەناردە کردووە. لەڕووی ئابوورییەوە ئەمە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نییە، بەڵکو تەنیا هاوردەکردن یاخود پشتبەستن بە کاڵاکانە بۆ بەردەوامبوون. هەربۆیەش عێراق ئێستا بەهۆی کەمبوونەوەی ئاو و دەرکەوتنی لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، تازە پلانە ستراتیژییەکانی ئێران و تورکیای بۆ دەرکەوتووە، کە چ بە گۆڕینی رێڕەوی ئاو یاخود دروستکردنی بەنداو بێت، سەرچاوە ئاوییەکانی عێراقیان بەرەو وشکبوون بردووە. لەم رۆژانەشدا، حاکم زاملی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بە دەرکردنی یاسای سزادانی [مامەڵەکردنی بازرگانی لەگەڵ ئێران و تورکیا دەکات]، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئێران 100% و تورکیاش 80%ی ئەو سەرچاوە ئاوییانەیان بڕیوە کە دەڕژێنە نێو خاکی عێراقەوە. خستنە بەرباسی ئەم مژارەش لەکاتێکدایە کە عێراق بەچەند شاند سەردانی تارانی کرد تاوەکو گرێبەستی هاوردەکردنی گازیان بۆ نوێ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەم هاوینەدا هیچ نەبێت لە گەرمای 50 پلەی سیلیزیدا کارەبا هەبێت! هەروەها عێراق بە بەهای 9 ملیار دۆلار زیاتر لە هەزار و 24 جۆر کاڵا و ماددەی سەرەتایی جیاواز لە تورکیا هاوردە دەکات، هەربۆیەش دەرکردنی بڕیارێکی لەو شێوەیە لەم کاتەی ئێستادا کە بەرەو قەیرانی خۆراک لە جیهان دەچین، لەوانەیە زیان بە خودی عێراق بگەیێنێت، بەتایبەتیش بۆ ماددە خۆراکییە بنەڕەتییەکان کە نرخیان رووی لە بەرزبوونەوەیە.

لەڕاستیدا، عێراق و دراوسێیەکانی پەیوەندییەکی گەورەی لاسەنگی ئابوورییان هەیە و پەیوەندییەکە بەشێوەیەک لاسەنگە، جیاوازی هاوردە و هەناردەکردن بە ملیۆن و ملیار دۆلارە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ دراوسێیەکانیدا، لێرەدا بە وردی هەڵوەستە لەسەر گۆڕانکارییە بازرگانییەکانی دوو دەیەی رابردووی عێراق لەگەڵ دراوسێیەکانی و ئەو کاڵایانە دەکەین کە لەو وڵاتانەوە هاوردەی دەکات. مەترسییەکانی سەر عێراقیش لەم ناهاوسەنگیی ئاڵوگۆڕی بازرگانییە دەخەینەڕوو.

## عێراق و تورکیا؛ هاوردەکردنی 1024 جۆر پێداویستیی سەرەتایی

لە 2020دا، [ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق و تورکیا] گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە و بەشێوەیەک هاوسەنگییەک لەڕووی ژمارەوە دێتە ئاراوە، بەڵام لەڕووی جۆری کاڵاکانەوە دەتوانین بڵێین عێراق بۆ ماددە سەرەتاییەکان پشت بە تورکیا دەبەستێت. ئاڵوگۆڕی نێوان عێراق و تورکیا لە 2020دا ریکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات و دەگاتە سەرووی 17 ملیار دۆلار، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی هەناردەی عێراق لەو ساڵەدا وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە. لەڕووی جۆری کاڵاکانەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە، بەشێوەیەک عێراق تەنیا 293 جۆر کاڵا هەناردەی تورکیا دەکات، لەکاتێکدا تورکیا 1027 جۆر کاڵا و بەرهەم هەناردەی بازاڕەکانی عێراق دەکات.

لەڕووی هەناردەکردنەوە، لە 2020دا عێراق بە بەهای 8.19 ملیار دۆلار کاڵای هەناردەی تورکیا کردووە، کە سەرەکیترین بەرهەمەکانیش زێڕ بە بەهای 7.94 ملیار دۆلار، نەوتی رەش (قیر) بە بەهای 84.4 ملیۆن دۆلار و مسی خاو بە بەهای 36.3 ملیۆن دۆلار بوون.

هەروەها، لەڕووی هاوردەکردن لە تورکیاوە، لە 2020دا عێراق بە بەهای 9.14 ملیار دۆلار کاڵای هاوردە کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتییە لە زێڕ و خشڵ بە بەهای 887 ملیۆن دۆلار*، ئاردی گەنم بە بەهای 444 ملیۆن دۆلار، گۆشتی بەستوو بە بەهای 308 ملیۆن دۆلار و کورسی و کەلوپەلی ناوماڵ بە بەهای 335 ملیۆن دۆلار. هەروەها بە بەهای 89.5 ملیۆن دۆلار بەرهەمە پاککەرەوەوەکانی هاوردە کردووە.

لەڕاستیدا، لە 2003وە بۆ 2020، قەبارەی هەناردەکردنی تورکیا بۆ عێراق ساڵانە بەرێژەی 14.2% زیادیکردووە، کە لە 2003دا تەنیا 829 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2020دا گەیشتووەتە 9.14 ملیار دۆلار. لە بەرامبەردا قەبارەی هەناردەکردنی عێراق بۆ تورکیا ساڵانە بەرێژەی 27.3% زیادیکردووە، ئەویش لەکاتێکدا لە 2003دا تەنیا 105 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2020دا گەیشتووەتە 8.19 ملیار دۆلار وەکو لە گرافیکی 1دا هاتووە.




گرافیکی 1: ئاڵوگۆڕی بازرگانی عێراق و تورکیا لە 2003وە بۆ 2020

## عێراق و ئێران؛ هاوردەکردنی گاز، تەماتە و پیاز

هەناردەی عێراق بۆ ئێران و هاوردەکردنی کاڵاکان لەو وڵاتەوە جیاوازییەکی گەورەی هەیە، بەشێوەیەک لە دوای 2003وە ئێران ساڵانە بە بەهای ملیاران دۆلار کاڵا هەناردەی بازاڕەکانی عێراق دەکات، بەڵام عێراق بە بەهای دەیان ملیۆن دۆلار کاڵا هەناردەی ئێران دەکات؛ ئەم ناوهاوسەنگییە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەشێوەیەکە کە بەپێی دوایین لێدوانی یەحیا ئیسحاق، سەرۆکی ژووری بازرگانی هاوبەشی ئێران ـ عێراق، "چاوەڕواندەکرێت لە مانگی سێی 2022 بۆ مانگی سێی 2023 بە بەهای 9 ملیار دۆلار کاڵا هەناردەی عێراق بکەن."

بەپێی ئامار و زانیارییە فەرمییەکان کە بۆ کاڵاکان بەردەستە، لە 2018دا عێراق بە بەهای 57.3 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی ئێران کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتین لە نەوتی پاڵاوتراو بە بەهای 16.6 ملیۆن دۆلار، ئامێرەکانی دروستکردنی کاخەز بە بەهای 12.4 ملیۆن دۆلار و ماددەی ئەمەنیۆمی خاو بە بەهای 11.7 ملیۆن دۆلار.

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەکردنی عێراق بۆ ئێران بەڕێژەی 2.9% زیادیکردووە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2000دا، 36.9 ملیۆن دۆلار بووە، لە 2018دا گەیشتووەتە 57.4 ملیۆن دۆلار.

هەروەها، لە 2018دا ئێران بە بەهای 8.95 ملیار دۆلار کاڵای هەناردەی عێراق کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتین لە گازی سرووشتی بە بەهای 1.05 ملیار دۆلار، نەوتی پاڵاوتراو بە بەهای 421 ملیۆن دۆلار، ماددەی سیرامیک بە بەهای 277 ملیۆن دۆلار. لە دوو دەیەی رابردوودا هەناردەکردنی ئێران بۆ عێراق بەڕێژەی ساڵانەی 47.1% زیادیکردووە، لەساڵی 2000دا تەنیا 96.1 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2018دا گەیشتووەتە 8.95 ملیار دۆلار.

لەڕاستیدا، بەهۆی جیاوازی لە ساڵی ئێرانی و نەبوونی داتای درووست لەلایەن عێراقەوە، نەتوانراوە کۆی ساڵانی هەناردەکردنی عێراق بۆ ئێران لە گرافیکی دووەمدا بخرێتەڕوو، بەڵام مەزەندە دەکرێت بەهەمان قەبارەی هەناردەکردن بووبن، ئەگەر کەمتریش نەبووبێت.




گرافیکی 2: هاوردەکردن و هەناردەکردن لەنێوان عێراق ئێران لە 2000وە بۆ 2020.
سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، کانوونی دووەمی 2022، پۆرتاڵی رووداو، 28ـی ئایار 2022، داتابەیسی بازرگانی نەتەوە یەکگرتووەکان حوزەیران 2022

## عێراق و سعودیە؛ هاوردەکردنی ماددەی خامەکان و هەناردەکردنی ماددە بەکارهاتووەکان

هاوردەکردنی کاڵا لە سعودیەوە بۆ عێراق لەساڵی 2020دا گەیشتووەتە 706 ملیۆن دۆلار، لەکاتێکدا هەناردەکردنی کاڵا لە عێراقەوە بۆ سعودیە لەو ساڵەدا تەنیا 10.6 ملیۆن دۆلار بووە.

لەڕوویەکی دیکەوە، عێراق تەنیا 18 جۆر کاڵای هەناردەی سعودیە کردووە، بەڵام سعودیە 238 جۆر کاڵای هەناردەی عێراق کردووە، لەکاتێکدا هەردوو وڵات دوو گەورە بەرهەمهێنەری نەوتن، بەڵام سعودیە 12 هێندەی عێراق کاڵا زیاتر هەناردە دەکات. هەروەها، ئەو کاڵا و بەرهەمە سەرەکیانەی عێراق هەناردەی سعودیەی کردوون، بریتییە لە ئەلەمنیۆم (بەکارهاتوو)، بە بەهای 7.57 ملیۆن دۆلار و سایکلیک هایدرۆکاربۆن بە بەهای 778 هەزار دۆلار.
لەکاتێکدا ئەو بەرهەمانەی سعودیە هەناردەی عێراق کردوون بریتین لە پلێتی ئەلەمنیۆم بە بەهای 105 ملیۆن دۆلار، ماکەرۆنی بە بەهای 70 ملیۆن دۆلار، پەنیر بە بەهای 47.1 ملیۆن دۆلار و بەرهەمی خۆراکی دیکە.
لەڕاستیدا، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەناردەکردنی ئەلەمنیۆمی بەکارهاتوو (سکراپ) و هاوردەکردنەوەیێتی بەشێوەی ماددەی خاو، لێرەدا ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە، ئایا کارگەی توانەوەی ئەلەمنیۆم و دووبارە داڕشتنەوەی بەشێوەی پلێت هێندە قورسە کە نەتوانرێت لە عێراق ئەنجامبدرێت؟ یاخود گرووپێکی تایبەت لەنێو عێراق کاری هەناردەکردنی ئەلەمنیۆمی سکراپ و هاوردەکردنی ئەلەمنیۆم قاڵب دەکەن، بۆیە ناتوانرێت کارگەیەکی بۆ دروستبکرێت؟
هەروەها، لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەی سعودیە بۆ عێراق بەڕێژەی 148% زیادیکردووە، کە لە 2000دا تەنیا 23 ملیۆن دۆلار و لە 2020دا گەیشتووەتە 706 ملیۆن دینار، بەڵام هەناردەکردنی عێراق بۆ سعودیە بەڕێژەی 78% زیادیکردوو، لەکاتێکدا لە 2004دا 300 هەزار دۆلار بووە و لە 2020دا گەیشتووەتە 10.6 ملیۆن دۆلار وەکو لە گرافیکی سێیەمدا هاتووە. ئەم ناهاوسەنگییە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، هیچ پەیوەندییەکی بەو گۆڕانکارییانەی دوای 2003ەوە نییە، بەڵکو تەنیا ئەوەنەبێت کە عێراق بازاڕێکە بۆ فرۆشتنی کاڵا سعودییەکان چ پەنیربێت یاخود ماددە سەرەتاییەکانی دیکە. هەروەها نرخی کاڵا و بەرهەمە سعودییەکان لە بازاڕدا جیاوازە و بە نرخی بەرز دەناسرێتەوە. بۆ نموونە خورما، یەک کیلۆ خورمای سعودی لەسەروو 30 هەزار دینارەوەیە، لەکاتێکدا خورمای عێراق نەک یەک کیلۆ بگرە سەبەتەی بە یەک هەزارە و زۆرجاریش خراپ دەبێت و نافرۆشرێت، بەتایبەتیش لە وەرزی پێگەیشتنی خورمادا.




گرافیکی 3: هاوردەکردن و هەناردەکردن لەنێوان عێراق و سعودیەدا لە 2000وە بۆ 2020.

## عێراق و کوێت؛ وەرگرتنەوەی قەرز و گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی

لە دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکاری لە پەیوەندیی نێوان کوێت و عێراق بەشێوەیەکە، کە لە سەرەتای 2000کاندا هاوسەنگییەک لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەبووە، بەڵام لەوکات بەدواوە هەناردەکردنی عێراق دادەبەزێت بۆ خوار یەک ملیۆن دۆلار و، هاوردەکردنی کاڵا و بەرهەمە کوێتییەکان بەرز دەبێتەوە تاوەکو لە یەک ملیار دۆلار نزيك دەبێتەوە.

هەروەها دوای نزیکەی دوو دەیە و، لە ئایاری 2010دا عێراق یەکەم باڵیۆزی خۆی نارده کوێت، لە مانگی شوباتی ئەمساڵیشدا ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی بە قەرزەکانی کوێت لەسەر عێراق هێنا کە بەهۆی داگیرکردنی کوێتەوە لە 1991وە لەسەری بوو، کە کۆی گشتیی ئەو قەرزەی عێراق بە کوێتی داوە گەیشتە سەروو 52.4 ملیار دۆلار. لە بەرامبەردا و لە دوای 2014وە کوێت لە رێگەی رێکخراوە ناحکومییە جیهانییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕی جیاواز کە گەیشتووەتە 200 ملیۆن دۆلار هاوکاریی گەیاندووەتە ئاوارە نێوخۆییەکانی عێراق.

لە 2020دا عێراق بە بەهای 361 هەزار دۆلار کاڵای هەناردەی کوێت کردووە کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتین لە نەوتی پاڵاوتراو بە بەهای 276 هەزار دۆلار، داری وردکراو بە بەهای 40.2 هەزار دۆلار. لە ماوەی نزیکەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەی عێراق بۆ کوێت بە رێژەی ساڵانەی 10.9% کەمیکردووە لە 2001دا و 7.55 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2019 تەنیا 940 هەزار دۆلار بووە.

هەروەها لە 2020دا کوێت بە بەهای 387 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی عێراق کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتین لە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بە بەهای 146 ملیۆن دۆلار، ئۆتۆمبێل بە بەهای 106 ملیۆن دۆلار، شیر بە بەهای 21.3 ملیۆن دۆلار و وایەر بە بەهای 13 ملیۆن دۆلار. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەی کوێت بۆ عێراق بەرێژەی ساڵانەی 70.8% زیادیکردووە، لەکاتێکدا لە 2001دا تەنیا 526 هەزار دۆلار بووە، بەڵام لە 2019دا گەیشتووەتە 803 ملیۆن دۆلار وەک لە گرافیکی چوارەم دا هاتووە.




گرافیکی 4: ئاڵوگۆڕی بازرگانی کوێت و عێراق لە 2001 بۆ 2020

تێبینی: زانیارییەکان ئاماری 2005 و 2012تێدا نییە

## عێراق و ئوردن؛ لە ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە بۆ هاوردەکردنی کاڵا

لە دوو دەیەی رابردوودا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ ئوردن لە هاوسەنگییەکی ساڵانەوە گۆڕاوە بۆ هاوردەکردنی کاڵا لە ئوردنەوە، بەشێوەیەک ئاستی ئەم هاوردەکردنە ملیار دۆلاری لە ساڵێکدا تێپەڕاندووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دوو دەیەدا جگە لە نەوتی خاو، عێراق بەردەوام سەوزە و میوەی هەناردەی ئوردن کردووە. هەروەها عێراقیش بەردەوام بووە لە هاوردەکردنی بەرهەمەکانی پاککردنەوە (سابوون، شامپۆ و هتد) لە ئوردنەوە.

هەناردەی عێراق بۆ ئوردن لە 176 ملیۆن دۆلارەوە گەیشتووەتە 662 ملیۆن دۆلار، بەڵام هەناردەی عێراق بۆ ئوردن لە 630 ملیۆن دۆلارەوە کەمیکردووە بۆ 56.8 ملیۆن دۆلار وەکو لە گرافیکی پێنجەمەدا هاتووە.

لە 2020دا عێراق بە بەهای 56.8 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی ئوردن کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتییە لە نەوتی خاو بە بەهای 53.6 ملیۆن دۆلار، سەوزە و میوە بە بەهای 2 ملیۆن دۆلار و ماددەی ئەلکالین بە بەهای 710 هەزار دۆلار. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەی عێراق بۆ ئوردن بەرێژەی ساڵانەی -4.2% کەمیکردووە، لە ساڵی 2001دا بە بەهای 630 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2020 کەمبووەتەوە بۆ 56.8 ملیۆن دۆلار.

لە 2020دا ئوردن بە بەهای 662 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی عێراق کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتییە لە بەرهەمی پاککەرەوە بە بەهای 115 ملیۆن دۆلار، دەرمانی پاککەرەوە بە بەهای 19 ملیۆن دۆلار، گوشتی ئاژەڵ بە بەهای 26.4 ملیۆن دۆلار. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا هەناردەی ئوردن بۆ عێراق بەرێژەی ساڵانەی 13.8% زیادیکردووە، لە ساڵی 2000دا تەنیا بە بەهای 176 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2020 دا گەیشتووەتە 662 ملیۆن دۆلار.




گرافیکی 5: ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئوردن و عێراق لە 2000 بۆ 2020

## عێراق و سووریا؛ سنوورێکی فراوانی قاچاخ  و تیرۆر

عێراق و سووریا سنوورێکی 600 کیلۆمەتری بەرفراوانیان لەڕووی وشکانییەوە هەیە کە بیابانێکی گەورەیە، بەشێوەیەک ئێستا بووەتە مۆڵگەیەک بۆ تیرۆریستان. هەربۆیەش لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا عێراق بڕیاری دروستکردنی دیواری کۆنکرێتی دەرکرد بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردنی تیرۆریستان لەو سنوورانەوە، هەروەها پێشتریش سیستمی RAIDی بۆ کۆنترۆڵکردنی قاچاخچێتی جێگیرکردووە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە دوای 2015وە داتای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ ئەم دراوسێیەدا نییە، ئەوەش لە ماوەی نێوان 2003 بۆ 2015دا لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە دەردەکەوێت هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی هاوسێی بووە. سووریا بە سەتان ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەکردووە و عێراق نیوەی ئەو بڕەیەی هەنارده نەکردووەتەوە وەکو لە گرافیکی شەشەمدا دەردەکەوێت.

لە 2015دا عێراق بە بەهای 6.85 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی سووریا کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتییە لە خوری مەڕ بە بەهای 5.98 ملیۆن دۆلار، میوە بە بەهای 586 هەزار دۆلار و ماددەی ئۆرگانی ئاژەڵ بە بەهای 192 هەزار دۆلار. لە ماوەی نێوان 2003 بۆ 2015دا، بەڕێژەی ساڵانەی 26.2% هەناردەی عێراق بۆ سووریا زیادیکردووە، لە 2003دا 262 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2015دا 6.85 ملیۆن دۆلار بووە.

هەروەها لە 2015دا سووریا بە بەهای 69.4 ملیۆن دۆلار کاڵای هەناردەی عێراق کردووە، کە بەرهەمە سەرەکییەکانیش بریتییە لە خواردنی سوبیان بە بەهای 9.98 ملیۆن دۆلار و میوە بە بەهای 7.43 ملیۆن دۆلار و ترشەمەنی بە بەهای 5.18 ملیۆن دۆلار. لە ماوەی 2003 بۆ 2015 هەناردەی سووریا بۆ عێراق بەڕێژەی ساڵانەی 12.6% کەمیکردووە، لەکاتێکدا لە 2003دا تەنیا 348 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە 2015دا تەنیا 69.4 ملیۆن دۆلار بووە.




گرافیکی 6: ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئوردن و عێراق لە 2003 بۆ 2015

## کۆتایی

دەستخستنی زانیاری سەبارەت ئابووریی عێراقەوە زەحمەتە، ئەویش بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی تەواو بەسەر دەروازەکانەوە. جیاوازی لە راپۆرتە بڵاوکراوەکاندا هەیە، بەڵام ئەوەی لەم راپۆرتەدا خراوەتەڕوو بەپشتبەستن بە ئاماری وڵاتانی دراوسێی عێراق و، زانیارییەکانی OEC یە کە تایبەتە بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی وڵاتان لە جیهاندا.

عێراق بە قۆناخێکی سەختدا تێدەپەڕێت و پێکهێنەرە بنەماییەکانی دەوڵەتی وەك دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی، دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و هێزی کار و بنیاتنانەوەیەکی ستراتیژی لەدەستداوە، هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتووانەکەی روو لە هەڵکشانێکی خێرایە، کە هەمووان تەنیا ئاماژە بە زیادبوونی ژمارەکان دەکەن. هەروەها کێشەکانی کەمبوونەوەی ئاو و بە بیابانبوون گەیشتووەتە بەرزترین ئاست، پشتبەستنی عێراق بە داهاتی نەوت وایکردووە کە پێکهاتەی ئابوورییەکی کرێنشینی دروستبێت، کە دراوسێیەکانی عێراق بەچاوی فرۆشتنی کاڵاکانیان نەوەکو هاوبەشی ئابووری لێی بڕوانن.

لەم راپۆرتەدا لە دەرخستنی دوو دەیەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و دراوسێیەکانی بەڕوونی دەردەکەوێت کەوا چۆن عێراق تەنیا هاوردە دەکات، کە لە گرافیکەکاندا هێڵە شینەکان نیشاندەری ئەوەیە چەندی هاوردەکردووە و سوورەکان نیشانەی ئەوەیە چەندەی هەناردە کردووە، کە جیاوازییەکانیان بە ملیار و ملیۆنان دۆلارە.

لەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە عێراق ماددەکان بەکاردەهێنێت و کاتێک بوونەتە سیکراپ دەینێرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانە و، دواتریش هاوردەیان دەکاتەوە، هەروەها پشت بە هاوردەکردن دەبەستێت بۆ زۆربەی پێویستی و ماددە سەرەتاییەکان لە خۆراکەوە بگرە بۆ کاڵا و کەلوپەلەکانی نیو ماڵ و کارگە.. هتد.

هەروەها بەپێی ئامار و داتاکان، لێدوانەکەی حاکم زاملی دەچێتە چوارچێوەی بانگەشەیەکی دیکەوە، چونکە ئێستا جیهان خۆی بۆ گرانبوونی کاڵاکان و کەمبوونەوەی بەرهەمە خۆراکییەکان و ئەمبارکردن و دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی هاووڵاتییانی ئامادە دەکات، نەوەک دەروازەکانی بەڕووی کاڵاکاندا دابخات کە پشتی پێدەبەستێت. بۆ نموونە "چین 69% یەدەگی گەنمەشامی، 60%ی برنج و 51% گەنمی جیهانی هەڵگرتووە، کە ئەمەش **بەرزترین ئاستی ئەمبارکردنی مێژووییە**". لەم چوارچێوەیەشدا هەڕەشەی دەرکردنی یاسا بۆ مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ دراوسێیەکانی دەڕواتە قۆناخی ئەو یاسایانەی کە تەنیا دەردەکرێن، کاری بە جێبەجێکردنەوە نییە، چونکە رەوشی ئابووریی عێراق و پێویستی بە کاڵا و ماددە سەرەکییەکان لەگەڵ دراوسێیەکانی روونە.

لەکۆتاییدا، هەنگاوە گەورەکان بە کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان، کەمکردنەوەی خەرجییەکانی سێ سەرۆکایەتییەکانی عێراق و وەزارەتی بەرگری و ئەمنەوە دەست پێدەکات، نەوەک یاسا دەرکردن.

**سەرچاوەکان**

AJG Simoes, CA Hidalgo. The Economic Complexity Observatory: An Analytical Tool for Understanding the Dynamics of

(Economic Development. Workshops at the Twenty-Fifth AAAI Conference on Artificial Intelligence. (2011